# گوزارشی بەرێوە چوونی مەراسیمی رۆژی کۆمەڵە لە ئۆسلۆ

رۆژی شەنبە ۱۵ فوریە ۲۰۲۰ مەراسمێ رۆژی کۆمەڵە بە حوزوری تێعدادایکی بەرچاو هاورییان و نۆستان و میوانانی بەرێز، بەرێوەچوو.

لەسەرەتاوە هاوری پریسا ئەمجدیان بە کوردی و پاشان هاوری ئیران مروتی بە نۆرویژی ریزی بەرنامەکەیان ئیعلام کرد. مەراسێم بە سورودی ئیترناسیونال و یەک دەقیقە بێ دەنگی بە یادی گیان بەختکردووانی ئازیزانێک کە لە رێگای بەدیهاتینی ئامانجەکانی بەرزی سوسیالیستی گیانیان لەدەست داووە، دەستی پێکرد. بێ دەنگی بە سروودی "ئیوە هەرگیز نامرن" بە دەنگی هاوری هادی پیرخزری شکا و پاشاە هاورێ محیە ایرجی ئەندامی کۆمیتە مەرکەزی کۆمەڵە وتارێکی پێشکێش کرد. هاورێ کریم احمدی بە شێعری "ئینسانی بەفرانبارم" مەراسمەکەی رازاندەوە.

ئەو حێزبو رێکخراوانە لە مەراسیمی رۆژی کۆمەڵە لە ئۆسلۆ بەشدارییان کردبوو:

- حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئیران : بە بروسکە و چەپکە گۆڵێک
- حیزبی دێمۆکراتی کوردستان : بە بروسکە و چەپکە گۆڵێک
- یەکیەتی نیشتمانی کوردستان: بە بروسکە و چەپکە گۆڵێک
- حیزبی شیوعی کوردستان عێراق: بە بروسکە یەکەوە
- کۆنگرەی نەتەوی کورد (ک.ن.ک)
- پارتی ژیانی ئازادی کوردستان (پژاک)
- گۆران
- یگانی پاراستنی گەل (ی پ گ)
- حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئیران
- سازمان چریکە کانی فیدائی خەڵکی ئیران

ئیمە سپاسی هەمو ئەو حیزب و رێکخراوانە دەکەین کە زەحمەتیان کێشا ، بە بەشداری خۆیان مەراسیەکەی ئیمەیان رەنگینتر کرد.

پاشان هاوری ئەرلینگ فۆلک وٍرد Erling Folkvord فەعالی حێزبی سوور و لێدری گوروهی هاوپشتی لە گەڵ کوردستان بە زمانی نوروێژی وتارێکی لە سەر نەقش و جایگاهی کۆمە ڵە لە بزوتنەوەی جەماوەری و بزوتنەوەی کرێکاری پێشکێش کرد.

آخرین کەس هاوری بێهرووزی ناسری دەبیری کۆمیتەی دەرەوەی وڵاتی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران لە نۆروێژ بوو کە وێرای سپاس و قدردانی لە هەمو هاورییانێک لە زەحمەتیان بۆ ئەو مەراسیمە کێشاوە و مێوانەکان کە بە بەشدارییان مەراسیمەکەیان رەنگین کردبوو، لە سەر چەند خالی موهیم مەربووت بە ئوزاعی سیاسی تاکیدی کردەوە.

بەشی دیکەی بەرنامە کە بە سروود و گۆرانی لە لایەن گروهی موسیقی نوروێژی – ئیرانی ئاسۆ یا Horisont، سروودەکانی هاوری هادی پیرخزری و دوواتر گۆرانیە کانی هونەرمەند ئەسعدی مەریوانی رازایەوە و مە راسیم تا نێوەشەو لە شادی و هەڵپەرکێی بەشداربووان درێژەی کێشا کە جەمع بەندی ئەو مەراسیمە لە تەلەویزیونی کۆمەڵە بڵاو دەبێتەوە.

ئیمە جارێکی دیکە سپاس هەمو هاورێیانە دەکەین کە بۆ بەرێوەبردنی ئەو مەراسیمە زەحمەتیان کێشا و سپاسی هە مو میوانەکان و بەشداربووان دەکەین کە بە بەشداری خۆیان مەراسمەکەیەن رازاندەوە و دەولەمەندیان کرد.

## کۆمیتەی بەرێوەبەری مەرسێمی رۆژی کۆمەڵە لە نۆروێژ

۱۶ فوریە ۲۰۲۰


پیرۆزبێت
٢٦ی ڕێبەندان

پیرۆزبێت
٢٦ی ڕێبەندان

پیرۆزبێت
٢٦ی ڕێبەندان

پیرۆزبێت
٢٦ی ڕێبەندان

ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە

پیرۆزبێت














پیرۆز بێت ٢٦ی ڕێبەندان ڕۆژی کۆمەڵە



